# پەیامی کونگرەی نیشتمانی کوردستان

# بەبۆنەی ڕووداوەکانی 2011/2/17ەوە

ئەمرۆ ناوچەی خورهەلاتی ناوەراست بەبارودۆخیکی هەستیارو دژواردا ئیئەپەرێ. دەنگی نارەزایی بەرووی داگیرکاری و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و گەندەڵی و ناداتپەروەری و نەبوونی سەروەریی یاسادا لەهەر کاتیکیتر بەرزترو زولالترە و لەو پیناوەدا جەماوەری گەلان لە راپەرینیکی بەردەوام و هوشیارانەو نەبەردان .

راستە قەوارەکەی هەریمی کوردستان هیشتا ناکامەو نەبوتە دەولەت و لەبەر مە ترسیی نەیارانیدایەو ئەشێ بەرگەی ململانیی خویناوی ناوخۆ نەگرێ ، بەلام گەندەڵی و نادادپەروەری و نەبوونی سەروەری یاسا و دوو ئیدارەیی لەهەر مەترسییەکیکە کاریگەرترە بۆ هەرەسی ئەو قەوارەیە .

لەو گوشەنیگایانەوە و بۆ ریگرتن لەهەر دەسدریژییەکی دەرەکی و توندوتیژییەکی ناتوخۆو بۆ ئارامی ئەو قەوارەیەو ئاراستەکردنی بۆ سەربەخویی ، ئیمە وەك کونگرەی نیشتمانی کوردستان کە دروشمی یەکیتی و تەبایی کوردمان هەلگرتوە لەپیناوی ئازادیو سەربخویی کوردستاندا بیئەوەی چاومان لە دەسەلات و لەهیچ بەرژەوەندییەکی تایبەتییەوەبێ بۆخومان ، چارەسەری ئالۆزیی ئەم بارودوخەو چارەسەر ی کیشە گەورەکەمان لەم خالانەی خوارەوەدا ئەبینین :

1. یەکگرتنی راستەقینەی هەردوو ئیدارەکە بەهەموو دەزگاکانی پۆلیسو ئاسایشەوە.
2. کۆکردنەوەی هەموو داهاتو خەرجیەکانی هەرێم لە بودجەیەكو ژمێرەیەکی کۆتایی ڕووندا و والاکردنی دەستی دیوانی چاودێری دارایی بۆ پیاچونەوەو وردبینیو جێبەجێکردنی راپۆرتەکانی.

3. دامەزراندنی سوپایەکی یەکگرتوو لە هێزەکانی پێشمەرگەو زێرەڤانی و پاسەوان و سەربازگیری خۆبەخشانەو پڕچەککردنی ئەو سوپایە بە چەکی مۆدێرنی پێویست بۆ پاراستنی سنوری کوردستان و ئاسایشی نەتەوەیی کورد.

4. دامەزراندنی ئەنجومەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی خاوەن دەسەڵات وەك ئەوانەی لە سیستەمە دیموکراتیەکاندا هەن.

5. داماڵینی پارتیە سیاسیەکان لە هەمو جۆرە میلیشیا و جۆرە چەکێك.

6. مەشق پێکردنی سەربازیانەی زۆرە ملێ بۆ هەموو گەنجێکی تەمەن هەژدە ساڵ بۆ ماوەی چوار مانگ و بانگردنیان بۆ سەربازی لەکاتی پێویستدا.

7. ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و پەرلەمان و پارێزگا و شارەوانیەکان لەکاتی خۆیاندا و دیاری کردنی موچەیەك بۆیان کە لە موچەی دەرچویەکی کۆلێجی خاوەن راژەی سی ساڵ زیاتر نەبێ بە پێی یاسایەك و بەبێ هیچ ئیمتیازێکی وەك خانە نشینی و وەرگرتنی زەوی و ئۆتۆمبێل و... هتد.

8. دەستبەرداربوونی پارتییەکان لە هەموو ئەو موڵك و ماڵانەی گشتی کە دەستیان بەسەریاندا گرتوە یا کریویانە بە هەر نرخێك و گیرانەوەیان بۆ ملکی گشتی .

9. خۆماڵیکردنی کۆمپانیا و پرۆژە ئابوریەکانی پارتیەکان بەناوی خۆیانەوە بێت یا کەسێکی تر.

10. رێگرتن لە پارتیە سیاسیەکان کە راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ کاری بازرگانی و بەڵێندەرایەتی بکەن, یا پارە لە بوجەی گشتی وەر بگرن. حیزب تەنیا بە ئابونەی ئەندامەکانی, خۆی بەرێوەببات.

11. نوسینەوەی دەستوری هەرێمی کوردستان بە جۆرێك کە سنورەکانی هەرێمی تیا دیاری کراوبێ بە ناوچە دابڕاوەکانیشەوە.

12. ئامادەکردنی پرۆژەیەکی راپرسی گشتی بۆ دیاریکردنی چارەنوسی باشوری کوردستان و ئەنجامدانی ئەو راپرسیە لە هەلێکی گونجاودا, یا لەکاتی هەر دەستدرێژیەکی دەرەکیدا بۆ سەر باشوری کوردستان.

13. ناچارکردنی هەمو بەرپرسێکی گەورەی حکومی و حیزبی لەرابوردوو ئێستادا بۆ ئاشکرا کردنی سامانەکانیان و گێرانەوەی هەر موڵک و سامانێکیان بۆ سەر موڵک و بوجەی گشتی کە بە ناڕەوا دەستیان کەوتوە و سەپاندنی سزای ناپاکی نیشتمانی بەسەر هەر کامیاندا کە زانیاری ناراست پیشان بدەن لەو روووەوە.

14. دادپەروەری لە پڕکردنەوەی وەزیفەکاندا لەرێگەی ئەنجومەنێکی راژەوە بێ گوێدانە لایەنگری پارتایەتی.

15. نەهێشتنی رۆتین بەپێی بەرنامەیکی زانستیانە.

16. بەهەدەر نەدانی سامانی گشتی.

17. گرنگیدان بە گەنجان و یارمەتییان بۆ تەواوکردنی خوێندن و ئامادەکردنی هەلی کار بۆیان .

18. گرنگیدان بە کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی و پروژە خزمەتگوزارییەکان بەپێی بەرنامەیەکی زانستی.

لەکوتاییدا داواکارین بکوژان و بریندارکەران و سەرپێچیکەرانی یاسا رەوانەی دادگا بکرێن .

کونگرەی نیشتمانی کوردستان

سەرکردایەتی باشوور